# ل غمبر بوومصلى الل عل وسلم شت لا شون فدان خش وخا قوم، ؛ ب و مز كرد

له حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەر بووم-صلى الله عليه وسلم- گەیشتە لای شوێنی فڕێدانی خەش وخاڵی قەومێک ؛ بە پێوە میزی کرد، منیش هەندێ دوور کەوتمەوە، فەرمووی: «نزيك بەرەوە»، دەڵێت: منیش نزيك بوومەوە هەتاوەکو لەلای پاژنەی پێیەکانی وەستام، دەستنوێژی گرت ومەسحی کرد بە سەر خوفەکانی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی میز بکات؛ چووە نێو زباڵەی فڕێدراوی خەڵکانێك، مەبەست لە (زباڵە) ئەو شوێنەیە کە پیسی وپاشماوەی شتەکان وخۆڵی فڕێدراوی ماڵەکانی تێدایە، ولەو شوێنەدا بە پێوە میزی کرد، وەزۆربەی جار بە دانیشتنەوە میزی دەرکرد. حوزەیفە لێی دوور کەوتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نزيك بەرەوە، ئەویش نزيك بوویەوە هەتاوەکو لە پشتیەوە وەستا وئاوڕی بۆ لایەکەی تر دایەوە بەشێوەیەك سەیری نەدەکرد؛ هەروەها بۆئەوەی وەکو پەردەیەك بێت بۆی وسەیر نەکرێت لەو حاڵەتەدا. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی گرت، لەکاتی شۆردنی پێیەکانی؛ تەنها خوفەکانی مەسحکرد -خوفەکان: لەپێ دەکرێن ولە پێست وشتی تر دروست دەکرێن، وقولەپێکان دادەپۆشن-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خوفەکانی دانەکەند.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee